# گەردانەی مێخەک

هایکو - هاڤان محەمەد

# گەردانەی مێخەك

## هایکو

2020

**هاڤان محەمەد**

ناوی کتێب : گەردانەی مێخەك
نووسەر : هاڤان محەمەد
بابەت : هایکو
ساڵی چاپ : 2020ی زاینی
ژمارەی لاپەڕە : 73 لاپەڕە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : کۆسرەت بورهان
تیراژ : 500 دانە
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (        ) ساڵی 2020ی پێدراوە

## پێشەکیی:

کورت و درێژیی دەقی ئەدەبیی پێوەری گرنگیی وبەهاکەی نییە، چون هەندێ جار ئەو دید و بیرەی لە دەقێکی بچووکدا هەن، دەقی تر ناتوانێ لەخۆی بگرێ؛ هەرچەند درێژیش بێت، هایکو بۆ خۆی هەڵگری جۆرێک لە ئیستاتیکای تایبەتە و لە هەر ژانرێکی ئەدبیی دیکە جیاوازە، لە بەرامبەریشدا خوێنەری هایکو دەبێ جیاواز بێت یان بە چاوێکی تر سەیری هایکو بکات، چ لە رووی خوێندنەوەوە یان هەرسکردنی چێوەی گشتیی دەقەکە بە ناواخن و تەکنیکیشەوە، هێشتا زووە خوێنەری کورد بتوانی؛ چەشنی فۆرمەکانی دیکەی شیعر چێژی تەواوەتی لە هایکو ببینێ، ئەوەش لەبەر راهاتنی و گۆشکردنی بەو فۆرمانەی دەمێکە لە ناو ئەدەبەکەماندا چەسپاون، هەروەها تایبەتمەدییەتی خودی هایکو وا دەخوازێ، خوێنەر و هەواداری تایبەتیی خۆی هەبێ.

ئەم کۆمەڵە هایکوەی کە ناونیشانی (گەردانەی مێخەک)ی هەڵگرتووە، 70 دەقی خاتوو هاڤان محەمەدە، هەرچەندە بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، بەڵام بەگشتیی بە هەناسەیەکی ژنانەی و کوردانە نووسراون، کولتوور و کەلەپوور و ئیرۆتیک و سروشت و خەمەکانی مرۆڤ کەرەستەی خاوی دەقەکانن، هەندێ دەقی ئیرۆیی هەن چاونەترسیی نووسەر دەرئەخا، چون دەگمەنە ئافرەتی کورد بتوانێ بەو جورئەتەوە دەق بڵاوبکاتەوە.

**ملکۆ ئەحمەد**
2020

پۆلێک جۆلەکەن،
تەنیا لەسەر کێو دەنیشنەوە؛
پەنجەکانت!

گەلاَی کردە پەرژین،
شەرم لە خۆر دەکا؛
ستیانی نەبەستەوە لیمۆ!

دواى خۆرهەڵات،
گەردانەی ملی خونچەیە؛
دڵۆپە شەونم!

ڕێڕەوی گۆڕا،
کەوتە سەر هەنار:
مزربو ئارەقی گۆنا!

بە ماچێکی موتوروبە،
دەگەنە ئورگازم؛
درەختە ڕووتەکان!

مانگ ئاوابێت،
دوو ئەستێرەی دادەگیرسێ:
ژن!

هەوری ڕەشە،
کێوەکانی داپۆشیوە؛
پرچە خاوەکەی!

گۆمێکی مەنگە،
پروشکی ماچ دەیشلەقێنێ؛
چالی گۆنا!

شوشەعەترێكی ڕژاو،
بۆنی ژیانی خۆشكردوە؛
هەناسەی دایك!

# کانیەکی هەڵقوڵاو،
# گۆزە پڕەکە لە هەنگوین؛
# مەمکی ژن!

لەباغ دەتکێ،
بەرامەی جوانیی؛
کە پێدەکەنێ!

# ستیانیان ڕەشە،
# بۆنی خەردەلیانکردوە؛
# سێوەکانی هەلەبجە!

بۆ ڕامووسانێک نوشتایەوە،
گوڵانی زەوی هەڵدەمژێ؛
پرووشکی باران!

پاییز ڕوتی کردەوە،
زستان دەیشۆری؛
دار هەرمێ باغەکە!

لە باغێک،
دوو هەنار دەڕفێنێ؛
دزەی نیگا!

لەسەر ڕێی سپێدە،
ئاوڕشێنی گیا دەكا؛
سپێدە!

وروژاوە،
ئەستێرەی ڕووتی بینیوە؛
شەو!

# لە گولزاری لێو،
# ئاودێری گوڵ دەکا؛
# چام!

بەتریفەی گۆنا،
جارٍ لەت اریکی دەکێشی؛
خەرمانەی مانگ!

ئارەقەی زێرچنە،
قەتارەی ماچە؛
خالی گۆنای سێو!

به دەسرازەی خەزان،
گەلاكانی پێجاوە؛
بێشكەی پاییز!

# تەرمی گەڵا,
# لە شەقامی چاوەڕوانیی
# نێژرا؛
# بێدەنگیی!

سوراو نەیگرتوە،
تەڕایی ماچە؛
پەڵەی لێو!

ئارەقەی گەردەن،
لەسەر سینگی گۆزە دەڕژێ:
فرمێسکی کانیی!

# ونبوونی خۆر،
# جاڕی شەو:
# داخستنی چاوەکان!

لە درزی پەنجەرە،
شوعلەی دوو چرا:
تریفەی ئالۆزە مانگ!

**لەجێگەی مۆم،**
**چرای سینە هەڵدەکەم؛**
**جەژنی لەدایکبونت!**

لە ئاوێنەی دەریا،
تالَەقژ شانە دەكا،
خۆرهەلاَتن!

دوانیگای ئێوارە،
چرای خامۆش دەکا؛
هاتنی شەو!

لە لێوی خونچە،
ماچێکی جێماوە؛
بزە!

# دوای مەرگی زەردەپەڕ،
# کراسەکەی ڕەشکرد؛
# شەو!

هەر پاییزنا،
چوار وەرزەزەکاتی هەنارە؛
ژن!

بە بەرچەنەی باغەوە،
تابلۆیەکی ئیرۆیە؛
سێو!

لێوی تەڕ بووە،
بە ڕامووسانی بەفر؛
زەوی!

**ئاوێنەی سروشتە،**
**خۆر درزی تێخست؛**
**شەختەبەند!**

فرمێسکی هەور،
ئاوازی گوێی سوانە؛
ترپەی دڵی باران!

بەلەمی بێ سەوڵ،
بەتەنیا دەخولێتەوە:
چیلکەدارا!

# لە کەزی بەڕۆشبی دەچێ،
# دەکەوێتە سەر کێو؛
# گەردانەی مێخەک!

به ماچێک،
دوو لێوی کۆکردەوە;
نیگارکێشی خەیاڵ!

بە ماچێک،
دوو لێو سوور دەکا؛
گۆنای شاتوو!

بزە دەكا،
لیمۆی بە ڕووتیی بینیوە؛
تیشكی خۆر!

فرمێسکی هەور،
ئاوازی گوێی سوانە؛
تریەی دلی باران!

له هەور جیابووەتەوە،
بەمانچی زەوی دڵخۆشە؛
پرشی باران!

گەلاّکانی وەریوە،
دوای ڕووتبونەوە؛
ستیانی بەفر دەبەسێت,
دارسێوەکە!

**دەمارى دڵمى گرتووە،**
**خوێن نا؛**
**عەشقى پیاوێک!**

**قەتارەی مروارى،**
**لەسەر كێو دەخزێ؛**
**دەنكە تەزرە!**

لەنێوان ستیان وپەنجە،
ئازادیی نەدیوە؛
سێوی ژن!

# قەفەزی ستیان داپیپۆشی،
# لێنانگەری کەس بیبینێ:
# شەقی هەنار!

لێوی تەزیوە،
بەڕاموسانی بەفر:
زەوی!

پەرچەمی زەردەپەڕ،
كەوتە سەر نیگای خۆڕ؛
دەركەوتنی شەو!

لە ئێرەییدا نەنووستوە،
-مانگ
دەزانی تۆ دێیتە ژووان!

هەر پاییزێ نا،
چووارەوەزەی هەنارێ لێنابڕێ-
ژن!

ئاوازێکی خۆرسکە،
لە گوێی سروشت؛
لەرینەوەی سێوەکان!

# کۆلارەیەکی سوور،
# لەسەر ڕووی مانگ نیشتەوە؛
# جێماچی گەردەن!

لە باغی سینە،
بەرامەی جێماوە؛
ڕەیحانەی پەنجەكانت!

# دوای مەرگی زەردەپەڕ، کراسەکەی ڕەشکرد: شەو!

لە دڕزی پەنجەرە،
شوعلەی دوو چرا؛
تریفەی ئاڵۆزە مانگ!

زەماوەندی گوڵاڵە سوورە،
بو کی بەهار دێنێ؛
خاکەلێوە!

هەواری گوڵبەند،
بۆنی پاکیزەی ژنە؛
نیشانەی سپی!

با هەڵیدا،
گەڵای داروای پرچ؛
لە شەرما زەردتر بوو لیمۆ!

بەربەستی نییە،
بەربێتەوە دەکەوێتە سەر لێو؛
ماچەکانت!

# چاپ ماسیلەی
# لە ڕۆژێکدا،
# گوڵ و پەروانە!

لە ڤژان هاتووەتەوە,
جێماچە خوێنی تیا زاوە؛
سووراو نییە!

قەتارەی خاڵبەندە،
لە گۆنای ئاسمان دەدرەوشێتەوە؛
گەلەئەستێرە!

لە چاوگەی کانی دەتکێ،
ڕێی کەوتە مێرگی چیلە؛
خوناوی ماچ!

لە زیندانی عەشقیکردووم،
سزای ماچی داناوە؛
پێچەوانەیە یاسای ئەو!

هاڕای لەرزانەیە،
هۆشیاردەکاتەوە؛
دوو کۆتری سەرسینە!

لە خەڵوەتی عەشقا،
بە وێردی مام چزیکر دەکەن؛
لێوی دوو ئەوینداران!

قژی زەردە،
هەرسانی دەستی بایە؛
دارەکێژکی پاییز!

چاوگەی لێوی،
تاسەی دل دەشکێنێ؛
شیرینە وای ماچ!

کۆلارەیەکی سوور
لەسەر ڕووی مانگ نیشتەوە
جێماچی گەردەن !

لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی